پارێزگاری دهۆک: داوا لە چەکدارانی پەکەکە دەکەین ئەو گوند و شاخانەی کە ئێستا تێیدا جێگیرن چۆڵی بکەن

عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆك ڕایگەیاند، بەهۆی شەڕەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و تورکیا نزیکەی 30%ی گوندەکانی پارێزگاکە وێران کراون و چۆڵکراون، بۆیە داوای لە لە چەکدارانی پەکەکە دەکەن ئەو گوند و شاخانەی چۆڵ بکەن بۆ ئەوەی دانیشتوان بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خێیان و دەست بە ژیانی ئاسایی خێیان بکەنەوە.

عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆک ئەمڕۆ پێنجشەممە لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، "بەهۆی ململانێی چەکداریی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا، پارێزگای دهۆک زەرترین زیانی بەرکەوتوە و نزیکەی 30%ی گوندەکانی پارێزگاکە وێران کراون و بەتەواوی چۆڵکراون، هەی سەرکی نەگەڕانەوەی دانیشتوانیش بە ناوچەکانیان سیاسەتەکانی پەکەکەیە".

ئاماژەی بەوەشکرد، داوا لە چەکدارانی پەکەکە دەکەین ئەو گوند و شاخانەی کە ئێستا تێیدا جێگیرن، چۆڵی بکەن بۆ ئەوەی دانیشتوانەکەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خێیان و دەست بە ژیانی ئاسایی خێیان بکەنەوە.

پارێزگاری دهۆك باسی لەوەشکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە دەستی کردوە بە جێبەجێکردنی

ژمارەیەك پێژەی ئاوەدانکردنەوە لەو ناوچانەی کە زیانیان بەرکەوتوە، لەوانەش قیرتاوکردنی ڕێگای گەلیی باشندە کە بەرەو ناوچەکانی نەروە و ڕێکان دەڕوات، جگە لە تەواوکردنی ئەو پێژانە کە دەکەونە بناری چیای گارە و چیای مەتین.